IJOKS

**Article**

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 103 – 120
http://www.ijoks.com

# Detailed analysis of text: An example of the text of the poet Kazal Ahmed

*Ala Dara Abdul Majid* [1]

**Received**: May 04, 2018 **Reviewed**: Nov 07, 2018 **Accepted**: Nov 10, 2018

## Abstract

The subject of the study is a detailed analysis of text; in general the analysis of literary texts and giving accurate examples of such poetic texts in a way that internally and externally shows the author's skills, ideas and knowledge.

The study consists of two parts. The first part deals with two topics, which are the definition of text analysis and its relation to literary criticism and how to understand literary texts and its relation to text construction. The second part also contains two topics, which are an explanation of accurate analysis with an example poetic text and its analysis.

The reason for choosing this poetic text which belongs to the poet "Kazal Ahmed" is the peculiarity of the text and its content of different themes. The researcher has tried to analyze the internal and external aspects of the text.

**Key words:** Detailed, Text analysis, Literary theory, Kurdish poem

**Recommended citation:**
Abdul Majid, A. D., (2019). Detailed analysis of text: An example of the text of the poet Kazal Ahmed. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 103 – 120 DOI: **10.21600/ijoks.516492**

پوخته:

بابەتی لێکۆڵینەوەکە لەسەرشیکردنەوەی مەحکەمانەی دەقە ، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیری شیکردنەوەی تۆکمەی دەق دەربخەم ،کە بەشێوەیەکی گشتی نیشاندانی نمونەی مەحکەمی دەقی شیعری وەها کە لایەنی دەرەکی و ناوەکی خۆیدا بەجۆرێك بەپێزو مەحکەم بێت کە شایانی شیکردنەوەو نیشاندانی بلیمەتی نوسەرەکە دەربخات .سنوری لێکۆڵینەوەکەش باسکردنێکی لایەنی تیۆری و پراکتیککردنی نمونەی دەقی شیعرییە .پرۆگرامەکەشی لەدووبەش پێکهاتووە بەشە یەکەم دووتەوەرە: لەباسکردنی پێناسەی شیکردنەوەی دەق و پاشان لە چەمك و جۆر ،بەشی دووەمیش هەردووتەوەرە:باسکردنێکی شیکردنەوەی مەحکەمانەم کردووە ،نموونەی دەقێکی مەحکەمی شیعرییەو شیکردنەوەیەتی .هۆکاری هەڵبژاردنی دەقەشیعرییەکەش کە هی شاعیر "کەژاڵ ئەحمەد "ە دەگەڕێتەوە بۆ ناوازەیی شیعرەکە بەلای

[1] Assistant lecturer, Department of Kurdish language, Faculty of education, Koya University, E-mail; ala.dara@koyauniversity.org, **ORCID NO**: https://orcid.org/0000-0001-6777-0112

خۆمەوەوزۆری ئەو حیکمەتانەی کە لە دەقەکەدا خۆیان شاردووەتەوەو هەوڵمداوە لەهەردوو لایەنی دەرەوەوناوەوە ی دەقەکە لێکدانەوەی بۆ بکەم .

کلیلە وشەکان :شیکردنەوەی مەحکەمی دەق ، تیۆری ئەدەبی ، کەژاڵ ئەحمەد ،شیعری کوردی .

سەرچاوەکان:

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی :1-دیوانی شیعری کەژاڵ ئەحمەد ( 2006)،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری ،سلێمانی .2-د.بەسام قطوس (2011) ،دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ ، وەرگێڕانی د.محمد تاتانی ، چ/1، چاپخانەی شڤان .3-جۆن پیک و مارتن کویل( 2010 )،ڕەخنەی پراکتیکی ، وەرگێڕانی د.ئەبوبەکر خۆشناو ، چ/1 ، هەولێر .4- دلێر یادق کانبی(2009) ، هەنێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد / لێکۆلینەوەی زمانەوانی ، چاپخانەی خانی ،دەزگای موکریانی ،دهۆک ، نامەی ماستەر ، چ/1 .5- رۆلان بارت (2007)، ڕەخنەو حەقیقەت ، وەرگێرانی ئیسماعیل زراعی ،چ/1،چاپخانەی منارە ، هەولێر .

دۆکیۆمێنتەکان:1-د.هیمدادی حسین (2012- 2013 )، محازەرەی ماستەر خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەدین.2-عادل گەرمیانی(2009-2010) ، ڕەخنەی ئەدەبی ،محازەرەی دکتۆرا ، خوێندنی باڵا ، زانکۆی کۆیە .3-د. فوئاد ڕەشید(2011-2012)، شیکردنەوەی دەق ، خوێندنی باڵا /ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین.4-کۆڕی شیعری کەژاڵ ئەحمەد (1995)، کۆیە.

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:1-هندری ویسینجر(2001)، قوة النقد البناء، عبد الكريم العقيل ؟،مكتبة الجرير ،ط/2.د. احمد درويش(1996) ، فی النقدالتحليلی للقصيدة المعاصرة ، ط/1، دار الشروق ، القاهرة .3-اندرية و جاك ديشين(1991) ،استعاب النصوص وتاليفها،ترجمة هيثم اللمع، ط/1، المؤسسة الجامعية لدراساة النشر والتوزيع .4-حاتم الصكر(1998)، ترويض النص /دراسة التحليل النصی فی النقد المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.5-زين الدين المختاری(1998) ،المدخل الی نظرية النقد النفسی / دراسة ، منشورات اتحاد كتاب العرب .6- رولان بارت(1992)، لذة النص، ترجمة د.منذر العياش، ط1، سوريا.8-د. مصطفی سويف(1998) ، الاسس النفسية للابداع الفنی /فی الشعر خاصة ، ط/4، دار المعارف ، القاهرة.7-مصطفی عبدة (1999)، فلسفة الجمال و دور العقل فی الابداع الفنی ' ط/2 ، مكتبة مدبولی ، القاهرة.8-مصطفی عبدة(1991) ، مدخل الی فلسفة الجمال ، دراسات فلسفية ونقدية وتحليلية وتاصيلية ، ط/2، مكتبة مدبولی ، القاهرة.9-محمد تحريشی (2000)، ادوات النص ، اتحاد كتاب العرب ، دمشق،مكتبة الاسد.10- د.علی اسماعيل علی (1995)، نظرية التحليل النفسی /واتجاهاتة الحديثة،دارالمعرفة الجامعية ، الاسكندرية.11-مجموعة من المؤلفين (1995)، تقنيات كتابة القصة القصيرة والرواية ، ت/ رعد عبد الجليل جواد ، دارالحرية للنشر والطابعة ، ط/1، سوريا .13-د. صبری حافظ(1996) ، افق خطاب النقدی / دراسات نظرية و دراسات تطبيقية ، ط/1، دارالشرقيات للنشر والتوزيع ، القاهرة.

سەرچاوەی ئینتەرنێت:1-د.عبدالملك مرتاض، اشكالية النص المفتوح والمغلقwww.alriyadh.com

بەشی یەکەم :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوڕانەوەیەکی تایبەت لەدەوری دیوی ناوەوەودەرەوەی بابەتە دەلالییەکانی دەق دەکەین ، بۆیەش

سوڕانەوەکە لەناواخنیدا زیاتردەبێت چونکە ئەوەی دەمانەوێت دەریبخەین دەقێکی مەحکەمە . دەقەکە لەناو خۆیدا مانا دەدات و وەردەگرێتەوەو دەبەخشێتەوە ، ڕسکاندێکی لەخۆوەیش لەقوڵییەکانی کرۆکە مەحکەمەکەیشی دەبوژێنێتەوە ،تروسکایي واتاکانیش لە ژیاندنەوەی مەبەستە سازاوەکانیش بەدوای باراندنی وشەو زاراوە زارینراوەکان بەبەر ڕۆشنایي ڕووە دیارخراوو دیارنەخراوەکان دەگەڕێن بۆ تارا لادان لەسەر مەبەستە پاکە تاراپۆشکراوو سەنگەسارکردنی بەدییە سەنگەر بۆ سازێنراوەکان . دواتر شیکردنەوەی دەقێکی مەحکەمی وەها شیکردنەوەیەکی مەحکەمانەی دەوێت هەرچی دەقە تێروپڕوپڕلاییەنەیەکیوەها شایانی شیاندنی بێت .ئەلێنسانسیسی مەبەستیش بەهەموو توانینێکی تونی بەدەستهاتووی تا ڕۆژگاری ڕۆژی دوای سەرجەم بیریارییە دەربڕدراوەکانە :ئایا مەحکەمیەتی دەق مەحکوم دەکرێت؟لەدووبەشی جیادا ئەلێنسانسێکی نوێگەری تێکستێکی بونیادنراوی پتەو دەردەخەین .

١/پێناسەی شیکردنەوەی دەق :

نەوازەیە دەقێك كە مەرامی واتاكانی دیدەی دڵ و عەقڵ بەرەو كۆشكی ئەفسونی ڕێگامان بۆ والآبكات ، كاتێك لەدەرگای دوڕینی و هەیوانی عەقیقیداردا پڕوشەی گەنجینەی وشەو جوانیناسییەكان دەمانبەنەوە ناو گەردی ئەزموونە پرسیار هێنەكانمان ، وردتر قوڵتر لەبازنەی هەرچی مەعریفەی باڵایە دەسوڕێنرێتەوە پلە پە باڵاتر بە پێپلیكانەی زیوینی لێكدانەوە ناوەكییەكانی تێكستەكە و لەو سەریشەوە بە پێپلیكانەی لێكدانەوە دەرەكییەكانەوە لەعلی دڵی گۆشكراو بە جوانكارییەكان ،جیهانە ئایدیالییەكەی ، كۆمەڵناسییەكان و فەلسەفە شاردراوەكان دەردەخەین . ئەوكات هەرچی گەنجینەی زمان و بنەما فەلسەفییەكان هەیە لە بەردەممان سەرهەڵدراوەن ، لەهەریەكێكیان مشتێك گەوهەری دڵبەرز بەخزمەتكاری بوون و مرۆ خۆیان دەدرەوشێننەوە.ئەو كاتە لەسەر شیكردنەوەی دەقە وێناكردنی ئەو درەوشانەوەیە لەدەست نەدات و بیخاتە بەر دەست .

(Text analyisis ) شیکردن‌ەوەی دەق =تحليل النص =

وەكو یەكێك لەدەستكەوتە مۆدێرنەتەكانی سەردەمی ئێستا ی ئەدەبیاتی جیهانی ( بابەتێكی ئەزموونگەرییە كە لەناوەوەی پێكهاتەكانی زمان دا كاردەكات. ئەگەر تیۆری ئەدەبی سروشتێكی فەلسەفی هەبێت ئەوا زانستی دەق هەوڵ- دەدات گوتاری ئەدەبی ڕاڤەبكات .)(حسين ،٢٠١٢-٢٠١٣) هەرچەندە لەم دواییانەی سەدەی بیستەم پەرەی پێدراو هەر لەقوڵایي گەرووی ئەدەبەوە دەركەوتووە چونكە ( بەشێكە لە دیراسەی ئەدەبی ، بەڵكو یەكێك لەڕەگەزە بنچینەییەكانیەتی ، یاندەتوانین بڵێین لەوەتەی شیعر هەیەو پرسیاركردن دەربارەی هەیە ، دەربارەی مەبەستەكانی شاعیر لەوشەكان "واتا لە بەكارهێنانیان " وپایەی ئەو شاعیرە لە چینەكەی خۆیدا پرسیار هەیە .)(تحريشي ،٥٢:٢٠٠٠)شیكردنەوە :( دابەشكردنی گشتە بەسەر بەشەكاندا ، یان دیاریكردنی ئەو بەشانەیە كە گشتی پێكهێناوە ،دیاریكردنی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی دەقە یان دابەشكردنی بونیادی دەقە بۆ چەند یەكەیەكی بنەڕەتی لە تێڕوانینێكی میتۆدگەراییەوە .) (ڕەشید :٢٠١١ ) ودیاریكردنی ڕۆڵی هەریەك لەدانەكانی ئەو یەكانەو وردكردنەوەیان یان بەشێوەیەكی سەرلەنوێ بنیادنانەوەیانە..

٢/چەمكی شیكردنەوە :

( دابەشكردنی بنیادی دەقە بۆ یەكە بنچینەییەكانی یان شیكردنەوەی دەقە لەئاستە جیاوازەكانی زمانی دەقەوە وەكو : مۆرفۆلۆجی وسینتاكس وفۆنەتیک) (ڕەشید:2011) بەڵا م دەبێت ئاگاداری ئەوەبین كە ( دەقی ئەدەبی تەنها لەڕێگەی ئەو ئاستانەی " دەنگی و دەلالی و بنیادی هتد..ناخوێنرێتەوە تاوەكو كۆمەڵێک شێوازگەری شێوازی بۆ نەكرێت چونكە زانستی دەق هەوڵدانە بۆ پێكەوە گرێدانی سەرجەم ئەو ئاستانە بەیەكەوە ، ئەمە جگە لە وەی كە خوێندنەوەیەكی سەرتاسەرییـە بۆ دیاریكردنی ئەو پەیوەندییە هاوبەشە و لێكچوانەی كە لە نێوان ئەو ئاستانەدا هەیە ..)(حسين :2012 )

سەبارەت بە دەقیش / دەق كاتێ كە دەتوانرێ شیبكرێتەوە ، ئەگەر وەكو یەكەیەكی زیندوو وەربیگرین دەشتوانرێ بَرینداربكرێت ، لێی زیاد و كەم بكرێت بۆیە دەقی دزراو یا بریندار كراو یا ئازاردراویـش هەیە لە هەمان كات دا ئەمە لەلایەک ، لەلایەكی تر دەقیش خۆی ئەگەر وەكو باڵادەست سەیربكرێت دەقی ترسێنەر هەیە كە ( ئۆكونور بە دڕندەی "اوريلو" ی دەچوێنێت ، كە ئەگەر بە خەنجەرێک ئەندامێكـــــی لێبكەیتەوە ئەوئەندامە دەگەڕێتەوە ناو جەستەكەو بەمەش دڕندەكە وەكو خۆی ترسێنەر دەمێنێتەوە ..كەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی كە خۆی ناداتە دەست لێهاتوویی شیكەرەوەییەكەی ، كە نەتوانێت بە تەواوەتـی بمێنێتەوە..)(الصكر، 1998: 6 ) جگە لەمانە ( دەقی كراوەو دەقلی داخراویش هەیە /سەبارەت بە دەقی كراوە :ئەو دەقەیە كە دەكرێت سەرەتای وەكو كۆتایی بێت ، بەڵام دەقی داخراو وەكو دەقێكی كامڵە كە سەرەتاكەی بە كۆتاییەكەی ناچێت .)(مرتاض، نێت ) هەرچەندە ئەم لێكدانەوەیە كراوە بەڵام خۆی لەڕاستیدا كراوە واتا كرانەوە بەڕووی دەقی تر و سوود لێوەرگرانیان هەروەها داخراویش بەواتای دووركەوتنەوەی دەق وپەراوێزبوونی لە ئاوێتەی دەقی نوێتر لەخۆی.

-3دەركەوتنی مێژوویی شیكردنەوەی دەق/" جیاوازی لە كلتووری عەرەبی و ڕۆژئاوایی:"

(لەكۆن دا زاراوەی شیكردنەوەلەگەڵ قورئانی پیرۆز سەریهەڵداوە و دوو جۆری هەیە:

1/شیکردنەوە بە "ماثور" : مەبەستیش لێی گەیشتن بوو بە واتای دەق لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەڵگە مێژوویی و زمانەوانییەکانەوە ککە یارمەتی دەرن بۆ تێگەیشتن لە دەق بەشێوەیەکی بابەتییانە . واتا بەو جۆرەی هاوچەرخەکانی دابەزینی قورئانی پیرۆز و کۆمەڵی مسوڵمانان لە ڕێگەی پێدراوە زمانییەکانی ناو دەقەکە وە لێی تێگەیشتوون.

2/شیکردنەوە بەپێی ڕا یان "تەئویل ": بە شیکردنەوەیەکی نابابەتی دانراوە چونکە شیکەرەوە لە ڕستییە مێژوویی و پێدراوە زمانییەکان دەست پێناکات ، بەڵکو هەڵوێستێکی هەنووکەیی وەردەگرێت و هەوڵ دەدات لە دەقە لێکۆڵراوەکە پاڵپشت بۆ ئەم هەڵوێستەی بدۆزێتەوە.

-لە کاتووری عەرەبیدا:وا باوە چەمکی گەڕان بەدوای واتا دا بۆ شیکردنەوەی قرئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر " سڵاوی خوای گەورەی لەسەر بێ"ە.

-لە کلتووری ڕۆژئاوایشدا : بەهەمان شێوە پێش ئەوەی گەڕان بەدوای دەلالەتی مەعنەوی و مەبەستی دانەر دا بگۆڕێت بۆ زانستی "تاویل " یان "هیرمۆنۆتیکا " گەڕان بوو بەدوای واتا لە کتێبی پیرۆز دا ، ئەم گۆڕانە لەبری دانەر یا (قطوس ، 2011: 269).قسەکەر ،خوێنەر ، یا وەرگری دەکردە جێی لێکۆڵینەوە .ئەم وەچەرخانەش زۆر پرسیاری لەبارەی دەلالەتی مێژوویی زمانەوە لەگەڵ خۆی دا هێنا ، هەروەها لەبارەی ئەوەی چۆن دەلالی‌تی وشەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر دەگۆڕێن و جیاواز دەبن .ئینجا زانستی هێرمۆنۆتیکا کە تیۆری تەئویلی دەقەکانە لەهزری ڕۆژئاواییی لە سەدەی 17 دەستی پێکرد کاتێک لە بواری تێگەیشتنی دەقە ئاینییەکان جیابووە بۆ ئەوەی ببێتە زانستێکی سەربەخۆ و تاوتوێی پرۆسەکانی تێگەیشتن و میکانیزمەکانی تەئویل بکات (قطوس ، 2011: 270 ).

4/شیکردنەوەی دەق و پەیوەندی بەڕەخنەی ئەدەبییەوە:

(شیکردنەوەی دەق ستڕاتیجییەتی ڕەخنەی ئەدەبییە ، مەحاڵە ڕەخنەی ئەدەبی هەبێت بەبێ شیکردنەوە ، شیکردنەوەی دەق بەسەنتەری ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێ ، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە:

هەڵسەنگاندن

جیاکردنەوەو دیاریکردن

یا دیاریکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەقەکە

پۆلینکردن

شیکردنەوە

دەربڕینی حوکمێکی ڕەخنەییە بەسەر دەقەکەدا.

وەسفی /خستنە ڕووی دەقەکە وەك خۆی واتا حوکمی تێدا نییە

پێوەری /بەپێی پێوەرێك حوکم لەسەر دەقەکەدا دەدات .

ئیستاتیکی

ئایدۆلۆجی)(د.فوئاد ڕەشید:2011) .

هەر سەبارەت بە هەڵسەنگاندن ، جگە لە زانیاری وشارەزاییی ( لێکدانەوە و پێشبینییەکانیش هێزێکی کاران لە کرداری ڕەخنەدا/- چونکە مەحاڵە هیچ کەسێک نییە کە پێشبینییەکی تایبەتی نەبێت و ئەمەش بە هێزێکی کارا دادەنرێت ، کە کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمەکان .)( ویسینجر،2001: 61-62 ) ئینجا پسپۆڕی لە پێوەرەکاندا بێگومان دەبێتە هۆکاری زیاتری تۆکمەیی شیکردنەوەی دەقەکە و دەتوانرێت پێوەرە ئیستاتیکییەکان و پێوەرە ئایدۆلۆجییەکانی هەڵسەنگاندنی دەقی مەبەست دوای شیکردنەوەو پۆلینکردنی دەقەکە ، واتا دەرخستنی ناسنامەی دەقەکە دەرببڕدرێت ...بەمەش پەیوەندی شیکردنەوەی دەق لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبی و ڕاو بۆچوونەکان شێوازو ڕادەی تێگەیشتنی ڕەخنەگر دەگونجێت.

)/4ئاستەکانی شیکردنەوەی دەق:

-1ئاستی دەنگی.

-2ئاستی پێکهاتەیی.

-3ئاستی (دەلالی) واتایی.

-4ئاستی ئیقاعی (مۆسیقی ).

دەکرێ ئاستی ( خطی ) پەیوەند بە شێوەی دەق و ڕیگاکانی ڕێکخستنی شێوەی یا لایەنی دەرەکی دەقیش زیاد بکرێت.

لێرەوە شیکردنەوەی دەرەکی بۆ دەق دێتە ئاراوە ،

کەواتە لە دوو ڕوانگەوە گرینگی بە دەق دەدرێت :

| | |
|---|---|
| دةرةكی /دەگەڕێنرێتەوە بۆ : | ناوەکی / 1-ئەوەی لە دەرەوەی دەق کۆدەبێتەوە . |
| 1-مێژوو | 2 -ئەوەی کە لێیەوە دەردەچێت. |

2-ڕەهەندی دەروونی .( الصكر، 1998: 6) ( هونەری، ڕەوانبێژی ، شێوازگەری ، بنیادگەری) ئیشکردن لە ناوەوەی دەق*

3-هۆکاری کۆمەڵایەتی.و( ئایدۆلۆجی، فەلسەفی)*

( لوتمان زاراوەی نادەقی /غير نصيية Extra-text بەرامبەر زاراوەی " ضمن نصييةIntraual-text/"نزیک لە دەقی بەکارهێناوە ئەوەی ئاماژە بۆ هەموو پەیوەندییە دەرەکییەکان لەسەر دەق یان ئەوەی لەدوای " ماوراء " جیهانی تایبەتی دەق هەیە ..کە بواری زاراوەی دووەمە وەسفی ئەو پەیوەندییە ( نا دەقییانە ) بەوە دەکات کە پەیوەندی کۆمەڵێک ڕەگەزی دەقە کەپابەندە و و کۆمەڵێک ڕەگەز کە تیایدا ڕەگەزێکی دیاریکراو هەڵبژێردراوە ..هەموو ڕەگەزێک لە دەق لە کۆمەڵێک لە ڕەگەزە دەرەکییەکان هەڵبژێردراون و ئەو ڕەگەزە ئینتمای بۆ هەندێک لەو دابەشکردنانە دەبێت و ئەو ڕەگەزە ڕۆڵ و مەکانەتی دیاریکراوی لە نەخشەی پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق خۆیەوە هەیە.(حافظ،1996: 54) .

5 -هۆیەکانی پەیدابوونی شیکردنەوەی دەق:

1/هۆکاری ئاینی.

2/هۆکاری بوارەکانی زانست.

3/زۆری بەرهەمی شیعر.

4/معجم سەرچاوەو زاراوەکان .( بەتایبەت بۆ زمانی عەرەبی).

5/زمانی شاعیرانە خۆی.

6/پێشکەوتنی بنەماو پێوەرەکان .( نوێکردنەوەیان )

7/ چێژلێوەرگرتن لە شیعر و "خۆشی دەق" الاستمتاع بە.

وا پێدەچێت خوێنەر کاتێ کە خۆشییەکی هونەری هەست پێدەکات لەکاتی هەڵسانی بە ئەنجامدانی کارەکەیدا نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە مەبەستی خۆی لە دوای شیکردەوەکەدا هەیە ..کە زۆربەی کات هەوڵێک بووە لای ئەو بۆ ئەوەی گەڕان بەدوای واتاکانی شیعردا بکات .پاشان نزیککردنەوەی ئەو واتایانە بۆ هزری گوێگر یان خوێنەر ، وە لەم کارەیدا هەندێ حوکم دەدات کە لە چەمکی یان تێگەیشتنی تایبەتی خۆی بۆ شیعر دەردەچێت ...بە واتایەکی تر /کاتێ لە شیکردنەوەکەیدا هەڵدەستێ بە دیراسەکردنی ئەو شیعرە لە سەربنەمای هەڵوێستی پێشینەی خۆیەوە وە ئەو جۆرە دیراسە کردنە لە دوو سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت(تحریشی، 2000 : 44-49 )جگە لەمانە - هۆکاری بوونی دەق وەکو یەکەیکی مەحکەم واتا دانسقەو کارامەیی داڕشتنی.

. خوێندنەوەی نوێ ی خوێنەر بۆ دەق :

/1(چێژی فیتری :کە ڕەگەزێکی بنچینەییە لە کەرەسەکانی هەڵسەنگاندنی هەرهونەرێکی مرۆڤایەتی کاتێ کە گوێگر یا خوێنەر هەندێ شێوازی رەنینی (تحریشی،2000 : 49) وشەکان یا قوڵبوونەوەیان لە پیتەکان و هێزی واتاکانیان و باڵاییی و جوانی ئەندێشەیان کە لەلای هەندێکی تریان نابینرێن ، یەکێ لەوی تر باشتر دادەنێت بێ ئەوەی لە هۆی ئەو حوکمدان بگەڕێن..

/2دیدی ئامادەباش "البصیرة النفاذة "و عەقڵی توانادار لەسەر جیاکردنەوەی باشی لە خراپی و بەرامبەریەکی و شیکردنەوەو دانانی پێەکی ڕاست تاوەکو پێی بگاتە هەندێ ئەنجام کە کە عەقڵی دڵنیا بکات ..لەگەڵ ئەوەش چێژەکان دەگۆڕێن دەبێت بنچینەی ڕاستیان بۆ دابنرێت تا یاساکانی عەقڵ ملکەچی بن ..و دەبێت هەردوو خاڵ یەکبگرن : فیترەو عەقڵ و بیرکردنەوە )...( تحریشی،2000 : 50)

-6تێگەیشتن لەدەق:

بێگومان تێگەیشتنی هەرشتێک نیوە کێشەکە یا مەبەستی کارەکە چارەسەر دەکات و دەردەخات ..سە بارەت بەشیکردنەوەی دەقیش کە لە چەند لایەنێک دەبێت لێی بکۆڵرێتەوە(ناچار دەبین چەند جارێک شیعرەکە بخوێنینەوە ئینجا لە باشترین باردا لەسەرخۆ لە شیعرەکە دەگەین )(پیک ، 2010 : 16 ) و بەپێی شارەزاییی ڕەخنەگرانەی شیکەرەوە و زانیارییە گشتییەکانی کەشکۆڵی ڕۆشنفیکری و ئەدەبی و فەلسەفی و ڕێبازە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان ئەوا دەتوانرێ لە دەق تێبگەین و وەهای شیبکەینەوە کە کارەکە ببێتە گەنجینەیەکی واڵا و خوێنەر تێیبگات و بگرە نوێگەرییەک لە دەرخستنی زانیارییەکان یا بەخشینی لێکدانەوەی ئەدەبی یا یا فەلسەفی وزانستی..هتد .وەهەر لەوهاوکێشەیەدا هاتووە ( سیاق و دەق و خوێنەری هەر بابەتێک پێش هەموو شتێک دەبێت جیابکرێتەوە ..پاشان بنیادی دەقەکان و لایەنی سایکۆلۆ جی دابەشبکرێتە سەر مەوداکانی خۆی.. وە (لەگەڵ ئەوانەشدا لایەنێکی گەورە لەهۆکارەکان دەمێنێتەوە کە لە کۆتایدا دەگەڕێتەوە بۆ خودی قەسیدە/شیعرەکە خۆی ..و ئەو پەرەسەندنەی کە پێیگەیشتووە و پێویستی ئەو پەرەسەندنە لە تیۆریی و گفتوگۆ و شیکردنەوە)(درویش،1996: 5) لێرەدا بەپێی (ئەو هێڵکارییە ی چۆنیەتی تێگەیشتن لەدەق )(اندریە،1991 : 16) دەتوانین بگەینە شیکردنەوەیەکی تاڕادەیەک تەواو:






بەشی دووەم / 1-دەقی مەحکەم چییە ؟

پێشتر باسی دەقمان کرد کەئەو چوارچێوەیە کە مەبەستی نووسەری تیادا دەردەکەوێت وخۆی لە جۆرەکانی "داخراو و کراوە" دەبینێتەوە ، لە ڕێگەی مەغزایەکی تێکەڵ لەدەرەوەو ناوەوەی مەعریفە بەدەستهاتووەکان ڕایەڵەی بنیادێکی پوختەکراو و جێگیر دەکات .سەبارەت بە مەحکەمیش / واتا ئەو دەقەی کەتا ڕادەیەکی زۆر بتوانرێ حەکیمانە کاری

تیادابکرێت و زمانێکی تۆکمەی بێ زیادەو کەمی تیادا بەکاربهێنرێت ( زمانی ئەدەبیش جانتایەکە پڕ فۆڕمی گرانە )( د. عادل گەرمیانی :2011) سەبارەت بەوشەی مەحکەم واتا ئەو پەڕی ڕێک و پێکی و بێ کەم و کووڕی یە چ لەڕووی کورتی و درێژی و چ لەڕووی زمانی نووسین یان ئایدیا و هێنانەوەی بیری نوێ و داهێنانی مەعریفەی نوێ تیایدا . جا لێرەدا دەمەوێت تیشکێک بخەمە سەر ئەوەی ئایا لای هەموان وەک یەکە یان دەگۆڕێت ؟ ئەوە بێ گومان گۆڕانکاری لە بیروڕاکان دەبێت ، بەڵام وەک ئاشکرایە بە شێوەیەکی زانستانە و هونەریانە داڕشتنی بۆ بکرێت ئەوا کەم و کوڕی کەمتر دەبێت و مەحکەم دەبێت .

"جیان موشینک" سەبارەت بە دەق "بەڵام زیاتر ئەو لەسەر چیرۆکی نووسیوە "دەڵێت :( بەرهەم دەبێت زۆر مەحکەم هەروەک جانتا بێت ) (جواد، 1995 : 111) تا نەتوانرێت شتی لێدەربهێنرێت و شتی زیادەی تێ بئاخنرێ ، نە پێویستیشی بە کۆمەڵێکی زۆری شتی تر هەبێت و دەرفەتی ئەوە هەبێت کە جێگای ببێتەوە، ئەمەش ئەو مەبەستە دەگەیەنێت کە مەودای ڕەخنەگرتن لێی ئەوەندە تەسک ببێتەوەکە کە نەتوانرێ تاڕادەیەکی زۆر ڕەخنەی لێ بگیردرێت .

-2مەبەست لە شیکردنەوەی مەحکەمیانەی دەق چییە؟

ئەمەش مەبەست شیکردنەوەیەکە کە ژیری ڕۆڵی خۆی تیادا دەرخات و بەپێی تیۆرییەکانی شیکردنەوە و شارەزاییەکانی ڕەخنەگر هیچ کەلێنێکی وەها نەهێلرێتەوە کە شیکەرەوەی دەق ڕووی تێنەکردبێت و پەی پێنەبردبێت .وەک ئاگاداربوون لە سەرجەم زانستەکان و تیۆرییەکان جا ئەدەبی بن یائەوانی تربن "وەک لەپێشتر ئاماژەمان بۆدا"

3 -پەیوەندی مەحکەمیەت بە بنیادگەرییەوە:

شیکردنەوەی بنیادگەرانە وەک دەزانین ڕوونکردنەوەی دانە زمانەوانییەکانەوە لە بەشەوە بۆ گشت ئینجا ئەگەر پەیوەستی بکەین بە لێکدانەوەی مەحکەمانە ئەوەیە کە بتوانین لەو دیدگایە وە بۆ شیکردنەوەکە بچین واتا جگە لەوەی کە هیچ لایەنێکی وشەو دەربڕینەکانمان نەهێشتەوە ئینجا لایەنە دەرەکی و ناوەکییەکان بەیەکەوە دەربڕین "لە بەشی یەکەم ئەمانە ڕوون کراونەتەوە " واتا لایەنی زمان و شێوازو بنیاد و هتد... ڕوونبکەینەوە پاشان دەرەکی سایکۆ و ئایدیا و پێوەرەکانی هەرهەموو لێهەڵبهێنجین .و ڕاستیش تایدا وەکو مەحەکێک باڵیخۆی بەسەریان دا بکێشێت دوور لەوەی کە( لە ڕەخنە دا قسەی ڕاست بوونی نییە مەگەر ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی ڕاڤە لەبەرامبەر بەرهەم یان بەرپرسیاریەتی ڕەخنەگر لە بەرامبەر وتەی خۆیدا ببێتە یەک شت)(بارت،2007: 108)

/-4 نموونەی شیکردنەوەی مەحکەمی دەقێکی شیعری:

ئافرەتێک بە چرپە وتی

لە بیلبیلەی چاوی برینێکی کۆنا

ئازارێ بە چرپە وتی

من ئافرەتم

ئەمشەو ژنێک ژان ئەیگرێ
بمرێ ئەمرم
لە ئاوێنەی نیگا شەکەت بووەکەیدا
وێنەی ئەو پیاوە ئەبینم
کە لەباوەشی خەودایە و
تا بەیانی لە جیاتی ئەو
ئێشک ئەگرم!
***
ئەمشەو شەوی دڵدارییە
من سەیری پێوەندەکانی
دەستی دڵدارەکەم ئەکەم
ئەویش سەیری ئەو فرمێسکە وێڵە ئەکات
کە بە نەزمی زڕەی زنجیرەکەی قاچم دائەبارێ
ئەو ساتانەی سەما ئەکاو
سەما ئەکەم.
***
ئەمشەو شەوی بووکێنیمە و
جلی سپیم لەبەر ئەکرێ
ئەمشەو کچەکەم نەخۆشە
لەناو دەستی بچکۆلەیدا بە سۆزەوە دڵم ئەگوشێ
من نیشتیمانێکی سەوزم
لەوەتەی هەم بەسەر جوانیما هەڵئەدرێ
قەڵەمەکانتان بشکێنن
کەس وەکو خۆم
مێژووی بوونم تۆمار ناکاو
ڕۆمانی خەمم نانووسێ
***
ئەگەر هاتی
لەچوارچێوەی ژوورە تەسکەکەی جارانا
بۆم مەگەڕێ
ئێستا هەوری ئاسمانێکم
عەشق و شیعرم لێ ئەبارێ
***
بە نیگایەک لێم ئەپرسی
کوانێ پرچە ڕەنگ ڕەشەکەت

کەی هەڵوەری ؟!
منیش زمانی بێدەنگیم زوو پێت ئەڵێ
ئێوارەیەک فرۆشتم و
کتێبێکم بۆتۆ کڕی!
تەمەن ئەڕوا و
من بەبێ تۆ گورگ ئەمخوات
تۆش بەبێ من
توانات نابێ خۆر دابگری
گێژاوەکانی سەر زەمین لوولمان ئەدەن
باون نەبم با ون نەبیت ( ئەحمەد ، ٢٠٠٦:١٦١-١٦٤ ).

/ 5شیکردنەوەی مەحکەمی دەقە شیعرییەکە:

١ -کۆپلەی یەکەم هەرلەسەرەتاوە لێڵی و ئاڵۆزی واتا دەدۆزینەوە ..."لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات کە تەکنیکێکی تایبەت بە شاعیرە لەو ڕوانگەیەی کە باس لە کۆنی برینێکە بەقسەدێت بەڵام لە چاوەکانییەوە* وەک ئەوەی بەڵگە بن لەسەر مان و ڕاستی بابەتەکان پاشان " لەئاوێنەی نیگا شەکەت بووەکەی" دیسان وێنە ناو وێنە چاو **ناو بیلبیلەی چاوی برین و دیسان لە " بە نیگا***یەک لێمئەپرسێ " دیدێکی تریش دێت ....وێنەیەکی فانتازی جوانی بەخشیوەتە هۆنراوەکە. برینە کۆنەکەکە چاوی گێڕانەوەی کردووەتەوە و دەژیەت ....ئازارێک دێتە قسە بەڵام بە "چرپە"کە ئەم وشەیە ناسکی و سەدایەکی ئافرەتانەی پێدەبەخشێت..




دژ واتایی / پارادۆکس : (بریتییە لە بەیەکەوە هاتنی دوو وشە کە لە بەکارهێنانی هۆکاردا بە شێوەی دژ یا

دژیەک بەکاردێن )




(کانبی ، 2009 : 46)

وشەی "ژان گرتن " لەدایکبوون پاشان مردن لەریزی یەکدا ئەو دژیەکە ئەرێنییەی دەرخستووە کە

دەتوانین لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا بیخەینەڕوو،ژانگرتنی ئافرەتەکە سەرەتای ژیانە و وێنەیەکی پیاوەکەش لە ناو چاوەکانی ئافرەتەکە.ئەمە جگە لەوەی لەڕووی ڕەگەزیشەوە ئافرەت و پیاوی لەکۆپلەکەدا هێناوەتەوە دیدی بۆ پیاو"ئەو پیاوە " وەک گەمژەیەک دیارخستووە، کەلەو شەوەپیرۆزەی بوونی منداڵەکەیدا خەوتووە . بەپێچەوانەی ئەمەش وێنایەکی مرۆڤانەی قووڵی بۆ ئافرەتەکە دەرخستووە چونکە مەیلینترین شەوە لای خودی ئافرەت خۆی کە لەوانەیە خۆیشی نەبێت لەبری ئەودا تا بەیانی ناخەوێت.




٢ -کۆپلەی دووەم : "شەوی دڵداری " دیسان لەکاتی بیستنی ئەم وشە گەشبینی و زەنگێکی شادمانی بەرگوێ مان دەخرێ بەڵام هەرپڕلە ترس....ئینجا باس لە پێوەندی دڵدار و فرمێسکی وێڵ کە دووبارە دژیەکی ئەرێ بەڵام وەکو جۆرێکی نوێ و تاک ..زڕەی زنجیری قاچ؟ و دڵداری ؟

بەرزبونەوەیەکی تریش بەرەو حاڵەتێکی پێچەوانە ( سەماکردن )

ئەو زنجیرەش ئەگەرواتایش بێت زڕەی نالەباری دێت زڕەکەش نەزمی هەیە وەک ئەوەی بڵێت ئەو دەنگە بەوشێوەیە لای ئەو بیستراوە.

٣-کۆپلەی سێیەم / " شەوی بووکێنی " بەرزبوونەوە بۆ گەشبینی ... وەک دەردەکەوێت تاکە ڕێڕەو بۆ گەیشتنە ئاسوودەیی ژیانی هەر ئەو پاکی و ڕوو لە دیدگای ڕاستەقینەیی بێت .. باسکردنی ڕەنگە سپییەکە ڕەمزی پاکی و دڵنەواییە "بێگومان شاعیر دڵنیایەولەهەمان کاتدا بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕوحی کە لەوانەیە حاڵەتی شاعیر دەربرێت ..."بەڵام لەناکاو نەخۆشی ..هی کێ ؟ ئازیزترین کەس کەغەریزەی خۆشەویستی دایکایەتی ئەگەر بشیەوێت ناتوانێت خیانەت لە جگەرگۆشەکەی بکات ....ئینجا ئەو پەڕی هەستکردن بەڕەشەبای سەختی دڵگوشین .کاتێک کچە بچووکەکەی دڵی ئەوی

لەناو دەستدایەو دەیگوشێت ،دووبارە بەستنەوەیەتی و تەسلیم بوونە بە داواسازێنراوەکانی غەریزەی دایکایەتیە لەلایەک زاڵی کاریگەرییەکەی دەسەلمێت و بەستنەوەی دایکەکەشە ،جگە لە نەتوانینی جیابوونەوەیەتی گەر لە هەر حاڵێکدا بێت .چونکە لە ئاستێکەدڵی خۆی لەدەست داوە ، بەڵام ون نەبووە .دەزانێت کەلەناو دەستی کچە بچکۆلانەکەیەتی ئیتر بەمەش هیچ ڕزگاربوونێک نییە تەنها دان پێدانان نەبێت ئەمەش لەلایەکی ترەوە.مناڵکەش کچە نزیکتر لەخۆی ، کە دەتوانیت لە ئازارەکانی لەهەر کاتێک دابێت بخوێنێتەوەو تێیبگات .

٤-کۆپلەکەی تر /ئینجا ڕەنگی سەوز و نیشتمان کەنیشانەی ئارامی و ئاسوودەییە چ جای ئەوەی سەوزبێت و دەربڕینە وەهای کە بگاتە نەرگسیەت و دڵبەرزی " من نیشتمانێکی سەوزم " بەڵام وردە وردە مێژووی ئەم نیشتمانە دەردەخات کە کەس پێی تۆمارناکرێت و ڕۆمانێکی بەرزی خەمناکی لێدروست دەبێت .جگە لە بیرۆزی سەوزکە سوندسی و ئیستەبرقی فیردەوس ئەو ڕەنگەن .

شکاندنی پێنووسی بێ ئومێدی و فەوتان لەلای ئەوان بەڵام دیسانەوە تۆمارکردن و نووسینەوە بە جۆرێکی تر لەلای خۆیەوە ، دڵبەرزی و شانازی کردن و بەگەورە زانینی ژیانی و بە شایان نەزانینی هیچ نووسەرێکی تر کە دەربارەی مێژوو و خەمی ئەو قەڵەم بجووڵێنێ.

دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین شکاندنی پێنووسەکە / تۆمارکردنەوەی بەدوادا دێت ، بەڵام بەدەستی خۆی .مێژوویەک تۆمار بکرێ دواتر بەشێک لەو مێژووەش ڕۆمانی خەمبێت .مێژووی بوونی نیشتمان دووبارە پیرۆزی خاک و مێژووی بەرزو پڕ سەروەری و ژیان . ئینجا ڕۆمان ڕۆمانی تایبەتی خۆی خەمەکانی " بوون /خەم /شکاندنی پێنووسی بێ ئومێدی و فەوتان لەلای ئەوان ، لەلایەک دیسانەوە تۆمارو نووسینەوە بەجۆرێکی تر لای خۆیەوە ، دڵبەرزی وبەگەورە زانینی ژیانی خۆی نەدانی مافی بەشایان زانینی هیچ نووسەرێکی تر کە دەربارەی مێژوو و بوونی خەمی ئەو قەڵەم بجوڵێنێت .

٥ -کۆپلەی ( ئەگەر هاتی ....) لێرەدا شاعیر عەقڵی داهێنەرانەو پێشکەوتووانەی خۆی دەردەخات ، بەوەی کە پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئێستا زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕابردوو و بانگێشەی ئەوپەڕی ڕادەی بەرەو باڵایی عەقڵی و پێگەیشتن چووە ، چونکە پێشتر عەقڵی هونەری خۆی هەبووە ( کە ئەمە لای هەموو مرۆڤێک هەیەو توانای گەشەپێدان و باڵایی دەبێت ) (عبده، 1999: 141) پاشان بەرەو عەقڵی داهێنەرانە هەنگاوەکانی کارا کردووە کە ( ئەو عەقڵە هونەرییەیە کەبەهۆی /اکتساب هەوڵدان و /مران بەرەو پێش دەچێت ..، هەروەها دەوروبەری گونجاو و بۆ دەرکەوتنی تایبەتییەتی داهێنەرانەی خۆی هەیە داهێنانی داهێنانە تایبەتییەکانی خۆی دەکات ..لەسەر ئەو پێدراوانەی کە توانایەکی هونەری هەیە و ئینجا ئەوانە یان دەبنە شاعیر یا مۆسیقار یا ئەدیب یا پەیکەرتاش ) (عبده، 1999: 141)کەواتە شاعیر هەنگاوێکی تری پێشکەوتنی هزری داهێنەرانەی بڕیوەو شانازی پێوە کردووە ..خۆی لە چوارچێوەی ژوورەکەی جاران دا نەهێشتووەتەوە و مەبە ستیشی هاتنە دەرەوەو دنیای ساکار و سەرەتایی نەزانی وتێکەڵاوی و ئەگەری هاتی و نەهاتی نییە ، بەڵکو خۆی زۆر لەوە باڵاتر دەردەخات و بەرەو ئاستێکی کامڵی بەرزبوونەوە دەڕوات " ئێستا هەوری ئاسمانێکم ...." هەر لەم ڕووەی کە هەورە و نیشانەی فەڕ و خێر و شادی وسەوزبوونی بەدواوە لەلایەک و باسکردنی ئاسمانیش کە ئەوپەڕی نموونەی زاڵی و باڵا دەستی و بێگەردو ڕۆحانیەتە لەلایەکی ترەوە ..پاشان وردە وردە ئەو کامڵیەی ئیستاتیکایەکی نایابی لێدەردەکەوێت و شاعیر دووبارە شانازی پێوە دەکات ، ئەمەش خۆی لە خۆی دا بەڵگەیە بۆ عەقڵی بەگەڕکەوتووی ئیستاتیکیانەی شاعیر لەبەر ئەوەی ( عەقڵی ئیستاتیکی کە بێگەردترین عەقڵە لەهەرسێ جۆرەکەی تری عەقڵ ئەو کاتە چالاکی زیاتر دەبێت کە هونەرمەند یا ئەدیب دەچێتە گۆڕەپانی داهێنانەکانی و هەروەها لەوانەشە ئەو کاتەش چالاک بێت کە کارێکی هونەری لە مەودایەکی فیکری دەبینێت ..و ئەمە عەقڵێکی تایبەتە / لەکاتی ساتە داهێنەرەکان و ئیستاتیکییەکان و /تێڕامان یا هیواخواستنەکان ، چالاک دەبێت لای هونەرمەند یا وەرگر یا فەیلەسوف ) (عبده، 1999: 141)بارینی عەشق و شیعر دیسانەوە چالاکی عەقڵ ئیستاتیکیانەی ڕاهێنراو و مەینەتی چێشتوو و ئەسپ تاودراوی مەودا هزرییەکانە ... لەلای ڕۆژهەڵاتییەکانیش کە لە دیدێکی ڕۆحانییەوە دەڕواننە بابەتەکان چونکە بەلای ئەوانەوە (عەقڵی داهێنەرانە هێزی سێیەمی عەقڵی مرۆڤە ئەگەر بێت و زانستی ئیستاتیکا لە ڕێی دیدێکی تر سەیر بکرێت بە ڕەخنەگرتن لە تیۆرە کۆنەکان وهاوچەرخەکان لەڕێگەی مەنهەجەکانیان و بیری ڕۆژئاوایی وێنایەکی تری نوێ بۆ ئیستاتیکا بەم شێوەیە دەکەن:




سێگۆشەی مرۆڤی داهێنەر ( لەش و دەروون و عەقڵ) )(عبدە، 1991: 216)

کەواتە شاعیر لەلایەک خۆی ئەوقۆناغ و جۆرانەی عەقڵ بەکارخستن لەلای کارابووە لەلایەکی تر ئەم شاعیرە وەک لە نموونە شیعرییەکانی تری دا ئاماژە بۆکردنێکی داوە کە زۆر بەناو زانستەکاندا ڕۆچووەو زانیاری دەربارەیان هەیە .. (*ئەحمەد ، 1995)(روبرت ویلسون لە 1959دا لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی شیکردنەوەی داهێنانی شیعری کرد تایدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە " کاری شاعیر دەوەستێتە سەر بەشێوەیەکی قووڵ

کارخستنی کەسێتی خۆی/ قووڵترین بەکارهێنان ، چونکەلە کاتی کاری داهێنان دا هەندێ لەلایەنەکانی خودی شاعیرەکە بە قووڵی دەدۆزێتەوە کە وێنەی نییە) (سویف ، 1998: 418 ) دژیەکە ڕوونەکەی ژووری تەسک و ئاسمان !

٦ -کۆپلەکەی تر دیسانەوە دژیەکێکی تر ، زمانی بێدەنگیم ......، لەگەڵ پێت دەڵێت ............دواتر نەرگسیەت و نرخدانە خودی خۆی دەبینینەوە کاتێ دەڵێت " پرچە ڕەنگ ڕەشەکەم فرۆشت و کتێبێکم پێکڕی " نرخی کتێبێک دەکرێ قژی شاعیر بێت !یا مەبەستی لە پرچەکەیە کەبەمانای دورودرێژی ئەو ئێوارەیە یا وەکو هۆکارێکی یادەوەری نێوان خۆی و کەسی مەبەست بێت ، دیسانەوە ڕەشی ڕەنگەکەی کە بێگومان دەلالەتی خەمناکی و ڕەشبینییە لەهەمان کات دا ئەگەر دوورتر بڕۆین دەکرێت وەهای لێکبدەینەوە کە ڕەمزی جەسارەت و هێز بێت " وەک ئەوەی کە لە جەنگیشدا بۆ سام و ترسانی بەرەی دژ بەکاربێت " کە ئەو لەتەمەنێک بەدەسەڵات بووەو پاشان بگرە دان بەفەوتانی ئەو ئازایەتی و بەهرەی نانێت بەڵکو دەڵێت بەنرخێکی وەها فرۆشتم کەکتێبێکی پێبکر `درێت یا کتێب وەکو ڕەمزی نەمری و مانی ئەوەی باسمان کرد..

دواندن بەزمانی بێ بێدەنگی لەلایەک وێناکردنێکی بێوێنەیە چونکە پێشتر دەڵێت بەنیگایەک لێم ئەپرسیت کەوا زمانێکی تایبەت بەلێکتێگەیشتنیان لەگەڵ یەکدیدا دەدوێنرێت.

لەدێری "تەمەن دەڕوا .." دیسان شاعیر ژیان و مردنی خۆی لەگەڵ ئەو کەسە بەستووەتەوە "من بەبێ تۆ ..گورگ دەمخوا " ئەو کەسە کە لەگەڵیدا نەمێنێتەوە بێگومان کە شاعیر ئافرەتە لەلایەک هەستی ترسی لە ژیان و لەلایەکی تر هەستی بێگەردی و پاکی ئەم دەدەخات وەکو ئافرەتێکی لەڕادەبەدەر پاک چونکە ئێمە

دەزانین گورگ یان مار ،هتد." گۆرانی شاعیریش ماری ڕەشی لە بابەتێکی وەهادا بەکارهێناوە".بۆ بەدی پیاوانی تری ناو کۆمەڵ بەکاردێت جایان لە خراپە کارییان یا لەوەی کە دەزانن ئەو ئافرەتە جوانکیلەیە بێ پاسەوانێک دەمێنێتەوەو ئەو بەدانەش وەکو گورگ تێی دەئاڵێن و ئابڕووی دەبەن و بەرەو مەرگی شەرمەزارانەی دەبەن ..هەتا لە فۆلکلۆر و پەندی کوردیشدا ئەمە ئاماژەی بۆکراوە ...دەتوانین وەکو جۆرە لادانێک لای شاعیر وەریبگرین لە ( بە ئاژەڵ کردن / کە هەر

کاتێک وشەیەک بەسیمای ئاژەڵ لە شوێنی وشەیەکی تر دابنرێ بە پێی یاسای بەیەکەوە هاتنی لێکسیکی دەبێت سیمای +ئاژەڵی هەبێت ، ئەوا بەئاژەڵ کردن ڕوویداوە)(کانبی ، 2009: 44 )

لە دێری " تۆش بەبێ من  ناتوانی خۆر دابگری ." دووبارە هێزی بوون و کاریگەری خۆی لەسەر ژیانی ئەو کەسە بەو پەڕی بڕوا بەخۆیی و بەویشەوە دەردەبڕێت :کە تەنها مەبەستی ئارەزوو و سەرپێی نییە ئەمەلەلایەک و لەوانەشە ساویلکەیی و عەقڵساکارانەش بێت کەخۆی وا لە بەرامبەرەکەی گەیشتبێت و نەرگسیەت بێ لەلایەکی تر. ئەگەر ئەمەی یەکەم بێت ئەوا بەرامبەرەکەی دیسان بەرامبەری دروست دەکات چونکە ئەو گورگ دەیخوات و ئەویش " خۆر" ی بەکارهێناوە کە ڕەمزی ڕووناکی و ژیان و نوێبوونەوەی ڕۆژێکی ترە ناتوانێت چیتر خاوەنی بێت و لەوانەشە هەرمەبەستی خۆی بێت کە خۆرێکی ڕووناکە لەژیانی ئەودا ..دێری کۆتایش سەلماندنی ئەوەیە کە باسمان کرد " باون نەبم باون نەبیت " هەرچەندە لادانە لە دووبارە بەڵام دووبارەکردنەوەکە زیاتر شیعریەتی شیعرەکە دەردەخات ..چونکە دوای ئەو هەموو ڕەمزو ڕوونکردنەوە بەپێزو حەکیمانەوە هاتووە . ( ئەگەر مەبەست لە دووبارەکردنەوەی وشە تەنها هەر دووبارەکردنەوەکەبێ مەبەست دەبێتە ئامۆژگاری و شیعریەت نامێنێ )( د.فوئاد ڕەشید، 2011) لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین (دووبارەکردنەوە بۆ دروستکردنی حاڵەتی دەروونی یان بەخشینی مۆرکی گرانە بە فۆڕمی داڕشتنی شیعر)(گەرمیانی ،2009)

پێداگری ئەو بۆ دڵدارەکەیەتی لە داگرتنی خۆردا هەمان بابەت لە مەسەلەی پێغەمبەرایەتی محەمەد سڵاوی خوای لەسەر بێت دا تیل نیشانێک هەیە ئەو دەڵێت ئەگەر مانگ لەسەر شانی ڕاستم و خۆر لەسەر چەپم دابنێین واز لەپەیامەکەم ناهێنم بەڵام شاعیر لێرەدا هێزی ئەو بە بوونی خۆی دەبەستێتەوە لەوانەشە مەبەستی لەمرۆڤ دەرچوونیشی نەبێت بەڵام هاندانێکی مەزنەبێت داناگیرێت ، هەر لەو بابەتە تیل نیشانێکی تر هەیە ئینجا شاعیر مەبەستی بووە یان نا ؟زانیویەتی یانا .؟ داگیرانی خۆر واتا تەواو بوونی تەواوەتی ژیانی ئێستای زەمینییە کە ڕۆژ وەکو هەسارەیەک تەمەنی تەواو دەبێت و دەکرێت داکەوێتن.

تا دەمانگەیەنێتەوە هاوکێشە ئەزەلییەکە و دوای هەموو تەحەدا و بەرەنگارییەکانی و بڕینی ڕێگا هەرەسەختەکان و پێگەیشتن و کامڵبوونی جەستەیی و عەقڵی " وەک لە باسی نەمانی ڕەنگی ڕەشی قژی ئاماژەمان بۆ کرد"

ژانی لەدایك بوون ← کرانەوەی چاو ← باڵایي ← دڵداری ← ترسی داپڕان ←

گورگ خواردن ← لوولدان بەهۆی گێژاو ← ئومێدی ون نەبوون

کەواتە لە هاوکێشەی ڕەنگەکانیشدا بیرە ئاڵۆزەکانی شاعیر دەدوێن :

ڕەنگی ڕەش ! ← ڕەنگی سەوز ← ڕەنگی سپی

دوبارە سپیەتی ← کاڵبوونەوە





سەرەتای ژان و هاتە ژیان و ژیاندن تا لەڕێگەی ئێشکگرتن هەوڵی ژیاندنەوە ...ئینجا ژانی نەخۆشکەوتنی مناڵەکەو دڵگوشرانی بەرەو سەوز کە نیشتمانەکەیە یا نیشتمانی ژیانی تایبەتی خۆی ، پاشان دوای نەهامەتییەکان ڕەنگی ڕەش ... بەڵام لە مانا ناوەکییەکانەوە ڕەنگ کاڵدەبێتەوە ڕاستە بە ناوی ڕەنگەکە ناوی نابات بەڵام نەمرییەکە و نیشاندان و ئاماژە فەلسەفییەکە بۆ کتێبەکە کاڵبوونەوە و سپێتییە بۆ جاری دووەم کەواتە گەڕانەوە بۆ هەمان سەرەتا ، ڕەنگ و نوێبوونەوەی ژیان . لێرەدا ئەگەر هەست بەنائاسایی وشە و بەکارهێنانەکانیش بکەین ( دەکرێ بەم حاڵەتە بڵێین شیعری نائاسایی لەوەی بڵێین ناشیعری و دووبارە نەکردنەوەی ئەو تەکنیکانەیە کە پێشتر بە ماندووبوونی کەسانی تر دانراون ) (گەرمیانی ، 2009).

هەرسەبارەت بەلایەنی ناوەکیش. زمانی ( شێوەزاری ناوچەیی ) بەدیدەکرێت :نموونە/

کونا/کۆندا.....ئەیگرێ /دەیگرێت ...سەما ئەکا / سەما دەکات هتد..

-ڕناوی کەسی سەربەخۆی من زۆرجار دووبارە کراوەتەوە، هەروەها لکاویش /م.

بەپلەی دووەمیش تۆ ئینجا ئەو..

ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ( چەمکە سایکۆلۆژییەکانی (انا- من) کە لە توانای دایە سوود بگەیەنێت و پەیوەندی "انا" بە دەوروبەری دەرەکی و هۆکارە واقیعییەکان و پێشبینییەکان و حەدەسی ئەنجامەکان و دۆزینەوەی چارەسەری بۆ شتەکان کە دەتوانرێت ڕووبەڕووی ببینەوە ، و بەرگەی ڕووخان بگرین ..زاراوەی "هێزی من/قوە الانا" Ego strenth /ش بۆ ئەو توانایە بەکاردێت )(علی، 1995: 151-152 ) ئەمەش ڕێک نهێنی بەکارهێنانی "بیست و دوو"جاری "م" لەو دەقەدا دەردەخات ، کە ویستوویەتی لەڕێگەی هێزی خۆیەوە بەرگەی بارودۆخی سەخت و ئەو ئازایەتیەخۆشیمان بەو شێوەیە بۆ دەرخات لە بەرگەگرتن و بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخەکان و هەست کردن بەبەرامبەر و دەوروبەرەکەی..وەهەروەک دەزانین ( پەیوەندی زانستی دەروونناسی بە ئەدەب و ڕەخنەوە ڕەگەکانی دەگەڕێتەوەبۆ کلتوورە مرۆییەکان ، بەتایبەتی ئەوەی کە ئەدەب بە خاوەنەکەی دەبەستێتەوە..)(المختاری، 1998: 5 ).

-دوازدە ئاوەڵناوو، سیو چوار کرداریش ...کەبەپێی هاوکێشەی بۆزیمان VAR دەکاتە =2،8..

ئەمەش ئەو پەری بەکارهێنانی عەقڵی داهێنەرانە و ئارامی شاعیر دەگەیەنێت....

ئەنجام

1/ شیکردنەوەی دەق /جگە لەوەی ڕێگایەکی لەبار و زانستیانەیە بۆ دەرخستنی مەبەستەکانی دەق نووس و ئەنجامدانی شیکردنەوەی ( دەرەکی و ناوەکی دەق ) بەیەکەوە ، شیکردنەوەکە بەپێزتر دەکات وەک لە یەک لایەنی ،یارمەتیدەرە بۆ

تێگەیشتنێکی زانستانەو گەیشتن بەو مەعریفانەی لەدەقەکاندا هەیە واتا نەک تەنها بۆ پسپۆڕان و دەرخستنی ئیستاتیکای دەق ، سوود بە لێکۆلەرەوەی تازەش دەگەیەنێت.

2/شیکردنەوەی مەحکەمیش هەیە لە هەمان کاتدا دەقی مەحکەمیش هەیە مەبەستیش لێیان دوور بن لەزیادەی بەکارهێنانی وشەو ڕستەکان و درەوشانەوەی سەرجەم زانیارییە تیۆرییە مرۆیی و زانستییە سەردەمییەکان تیایدا..

3/ نموونەی دەقی شیعری شیکراوە ، گەلێک ڕەهەند و داهێنانی نەوازە و حەکیمانە خۆیان تیادا شاردووەتەوە ( لەلایەنی شیکردنەوەی ناوەکی و دەرەکی دەقەکەدا ئەوە دەسەلمێت کە شاعیر لێزانانە و وردبینانە ئاگاداری داڕشتنی بەرهەم و بابەتەکەی خۆی بووە ).

سەرچاوەکان :

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

-1دیوانی شیعری کەژاڵ ئەحمەد ( 2006)،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری ،سلێمانی.

-2د.بەسام قطوس (2011) ،دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ ، وەرگێرانی د.محمد تاتانی ، چ/1، چاپخانەی شڤان.

-3جۆن پیک و مارتن کویل( 2010 )،ڕەخنەی پراکتیکی ، وەرگێرانی د.ئەبوبەکر خۆشناو، چ/1، هەولێر. 4-دلێر یادق کانبی(2009) ، هەنێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد / لێکۆلینەوەی زمانەوانی ، چاپخانەی خانی ،دەزگای موکریانی ،دهۆک ، نامەی ماستەر ، چ/1.

-5رۆلان بارت (2007)، ڕەخنەو حەقیقەت ، وەرگێرانی ئیسماعیل زراعی ،چ/1،چاپخانەی منارە ، هەولێر .

دۆکیۆمێنتەکان:

-1د.هیمدادی حسین (2012- 2013 )، محازەرەی ماستەر خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەدین.

-2عادل گەرمیانی(2009-2010) ، ڕەخنەی ئەدەبی ،محازەرەی دکتورا، خوێندنی باڵا، زانکۆی کۆیە.

-3د. فوئاد ڕەشید(2011-2012)، شیکردنەوەی دەق ، خوێندنی باڵا /ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین.

-4کۆڕی شیعری کەژاڵ ئەحمەد (1995)، کۆیە.

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی :

1-هندری ویسینجر(2001)، قوة النقد البناء، عبد الكريم العقيل ؟،مكتبة الجرير ،ط/1.

2.د. احمد درويش(1996) ، فى النقدالتحليلى للقصيدة المعاصرة ، ط/1، دار الشروق ، القاهرة.

3-اندرية و جاك ديشين(1991) ،استعاب النصوص وتاليفها،ترجمة هيثم اللمع، ط/1، المؤسسة الجامعية لدراساة النشر والتوزيع .

4-حاتم الصكر(1998)، ترويض النص /دراسة التحليل النصى فى النقد المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

5-زين الدين المختارى(1998) ،المدخل الى نظرية النقد النفسى / دراسة ، منشورات اتحاد كتاب العرب.

6- رولان بارت(1992)، لذة النص، ترجمة د.منذر العياش، ط1، سوريا..

7-د. مصطفى سويف(1998) ، الاسس النفسية للابداع الفنى /فى الشعر خاصة ، ط/4، دار المعارف ، القاهرة.

8-مصطفى عبدة (1999)، فلسفة الجمال و دور العقل فى الابداع الفنى ' ط/2 ، مكتبة مدبولى ، القاهرة.

9-مصطفى عبدة(1991) ، مدخل الى فلسفة الجمال ، دراسات فلسفية ونقدية وتحليلية وتاصيلية ، ط/2، مكتبة مدبولى ، القاهرة.

10-محمد تحريشى (2000)، ادوات النص ، اتحاد كتاب العرب ، دمشق،مكتبة الاسد.

11- د.على اسماعيل على (1995)، نظرية التحليل النفسى /واتجاهاتة الحديثة،دارالمعرفة الجامعية ، الاسكندرية.

12-مجموعة من المؤلفين (1995)، تقنيات كتابة القصة القصيرة والرواية ، ت/ رعد عبد الجليل جواد ، دارالحرية للنشر والطابعة ، ط/1، سوريا .

13-د. صبرى حافظ(1996) ، افق خطاب النقدى / دراسات نظرية و دراسات تطبيقية ، ط/1، دارالشرقيات للنشر والتوزيع ، القاهرة.

سەرضاوەى ئينتەرنێت:1-د.عبدالملك مرتاض، اشكالية النص المفتوح والمغلق www.alriyadh.com.)

**References**

## Sources in Kurdish:

Ahmad, Kazaal, (2006). Ministry of Culture Press, Sulaymaniyah.

Bart, Roland, (2007). Criticism and truth, translation Ismail agricultural, printed 1, Manara Press, Erbil.

Kanabi, Delir Sadiq, (2009). Some linguistic aberrations in 3 contemporary Kurdish poets / linguistic research, Khani Press, Mukaryani Foundation, Dahak, MA, print / 1.

Qutus, Batsam, (2011). A door to contemporary monetary developments, the translation of Dr. Mohammed Tatani, printed / 1, Shvan Press.

The Thicken and Martin Coyle, (2010). Applied Criticism, Translation by Dr. Baker Khoashnau, Printed / 1, Erbil.

## The documents:

Hussein, Hemedi, (2012-2013). Lectures Master, Higher Education, University of Salahaddin.

Khermiani, Adel, (2009-2010). Literary criticism, lectures Doctor, Higher Education, University of Kuyah.

Poetic seminar for the poet Kazal Ahmad (1995). Koya.

Rashid, Fuad, (2011-2012). Text Analysis, Master's Lectures, Higher Education, Salahaddin University.

## Published in Arabic:

Abda, Mustafa, (1991). An introduction to the philosophy of beauty, philosophical studies, monetary and analytical and detailed, I -2, Madbouli Library, Cairo.

Abda, Mustafa, (1999). Philosophy of beauty and the role of mind in artistic creativity 'I - 2, Madbouli Library, Cairo.

Al-Mukhtari, Zinedine, (1998). Introduction to the Theory of Psychological Criticism , Study, Publications of the Union of Arab Writers.

Al-Sukkar, Hatem, (1998). Timing the text, study of textual analysis in contemporary criticism, the Egyptian General Book Organization.

Ali, Ismail Ali, (1995). Theory of Psychological Analysis / Modern Trends, University of Alexandria, Alexandria.

Bart, Roland, (1992). The Pleasure of Text, translated by Dr. Mather Al Ayash, I -1, Syria.

Collection of Authors, (1995). Techniques of Short Story Writing and Novel, T. -Raad Abdul Jalil Jawad, Dar Alhahriya Publishing and Printer, I - 1, Syria.

Darwish, Ahmed, (1996). In the criticism of the contemporary poem, I - 1, Dar Shorouk, Cairo.

Deshin, Andriyya & Jack, (1991). The processing of texts and their translation, translation of Haitham Al-Lama, i - 1, the university institution for the teaching of publishing and distribution.

Hafez, Sabri, (1996). Commentary of the Monetary Letter, Theoretical Studies and Applied Studies, I - 1, Dar Alsharqiyat Publishing and Distribution, Cairo.

Suef, Mustafa. (1998). Psychological Foundations of Artistic Creativity, in Special Poetry, I - 4, Dar Al Ma'aref, Cairo.

Tahreishi, Muhammad, (2000). Text Tools, Arab Book Union, Damascus, Assad Library.

Wiesinger, Hendry, (2001). The Power of Construction Criticism, Abdul Karim Al-Aqeel?, Al-Jarir Bookshop, I, 1.

**Sources on the Internet:**

Mortada, Abdulmalek, problematic open and closed text (www.alriyadh.com).